## ڕێکخراوەی مافی مرۆڤی کورد – هەولێر

### ئەم کاتەو گشت کاتێك شاد

### برایان بەڕێزان ... سڵاو

لە ساڵی **1987** وە بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر مامۆستا ئۆردوخانی جەلیل لە بەشی کوردی ئامۆژگای توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتیەکان – سانت پترسبۆرگ ویستومە کار سەبارەت بە جینۆساید و ئەنفال بکەم (( کە بەلای منەوە بە جیاوازی کات و شوێن زۆر لە تاوانی هۆلۆکۆست گەورەتر و دڕندانەتر و مەترسی دارترە , وەك پرۆژەیەك بە پێی یاسا نێو دەولەتی و خوێندکاری ئەکادیمی زانستی , دوای بێ ئومێدی لە دادگا خۆجێییەکان سێ جار نامەم نووسیوە بۆ پەرلەمانی ئەوروپی دژ بە (( سوید , ئەڵمانیا و هۆڵەندا )) کەچی بێ هودە ؟؟

بەڵگەنامەی دادگای نێودەوڵەتی – لاهای **I.C.J** ییم پێیە کە دەتوانم پێشنیار بخەمە بەردەست لە ڕێگای ئەو ڕێکخراوانەی متمانە پێکراون بۆ نمونە وەك کەسێکی زانستی ئەکادیمی بۆم گونجاوبێ ڕێکخراوەی (( یونیسکۆ))یە , کەچی لە هۆڵەندا بە شێوەیەکی نا ئاسایی و نا یاسایی دەست بەسەریان کردوم و تاکتیك و جەنگی دەرونی (( **حرب نفسية**)) و تەنگەنتاوکردن ((**أستفزاز**)), لە مانەش خراپتر کە لە لایەن پۆلیسی ئەڵمانی **1994** ئازار و ئەشکەنجە دراوم شوێنەوار و دەرئەنجامەکانی (( **مضاعفات**)) لە دژم بەکار دەهێنن لە بری تیمارکردن بە نیازی چۆك پێدادان , کە ئێستا بە هۆیانەوە نیمچە سەقەتم (( **معوق**)) و نازانم ئایا نەخۆشیەکەم چیە , یا نەء و چەند مەترسی هەیە بۆ سەر گیان و ژیانم لە دوا ڕۆژدا!!؟

بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندیم کردوە بە کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردیەکان بە تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان **KDP** و یەکێتی نیشتمانی کوردستان **PUK** بەڵام زۆر بە داخەوە , هەر ئەم کەمتەرخەمیەشە تیرۆری هێنایە کوردستان . سستەمی پەرلەمانتاری فەرەنگی بە مرۆڤمان نازانن تا ڕێز لە مافمان بگرن وەك مرۆڤ لەوەش خراپتر ڕێکخراوەکانی مرۆڤ دۆستان و مافی مرۆڤ , جا بۆیەش سەیر نیە بە لامەوە کە سیستمی یەلتسینی پەرلەمانی ئەم کارە ناڕەوایەیان لەگەڵ کردین بە بەربەست و ڕێگە گرتن لە بەرمان , وەك تەنها دەسەلات خواز هاووڵاتیانی خۆیان بەردەست ڕێژی گولەو تۆپ و تانك ئەدا !!؟! هەروەك خۆشتان دەزانن ڕژێمی هیتلەر و لەشکرکێشی و ڕەش بکوژیەکەی هەر بەرهەمی هەڵبژاردنی ئازادی سیستمی پەرلەمانتاریە ؟!! لە شارستانیەتی ڕۆژئاوا بابەتدا .

برایان جا بۆیە تکا دەکەم کە ڕێگامان بۆ دابین کەن بە پاراستنی گیان و ژیانمان بۆ گەڕاوەنەوە بۆ کوردستان و کردنەوەی بەشی جینۆساید لە سەر بنەمای فەلسەفەی مەتریالیزمی ئاسیایی بەرامبەر بە فەلسەفەی مەتریالیزمی گریکی (( لە زانکۆی سەلاحەدین )) یان لە زانکۆی کۆیە , پەیوەندی بکەن بە مامۆستا ئۆردوخان کە هەل و مەرجە پێویستەکان بۆ ئەو چیە کە ئەویش ئامادەیە لە کوردستان نیشتەجێ

بێ , با ئێمەش وەك جولەكە ئەم ئەركە نیشتمانی و نەتەوەییە بە تایبەتمەندی خۆمان بگرینە ئەستۆ و چی دی بە دەستی بێگانەوە نەناڵێنین  کە خزمەتە بە ڕاستی و مرۆڤایەتی و شارستانییەت و بە تایبەتیش گەلەکەمان .

ئەگینا ئاخۆ چۆن دەتوانن لێرە یارمەتیم بدەن بە هۆی ڕاگەیاندن , پارێزەر و سەپاندنی ڕاستیەکان بە سەر تاوانکاراندا بۆ تیمارکردن و بڕی قەرەبووی ئەو هەموو زەرەرو زیانە , بۆ زیندوکردنەوەی کۆرسی خوێندکاریەکەم (( **مقعد دراسي**)) بۆ بەردەوام بوون لە پڕۆژەکە , ئایا میری هەرێم (( **حكومة الاقليم**)) دەتوانن ئەم ئەركە بگرێتە ئەستۆ لەسەر بوودجەی خۆی ئەم کارە دابین بکا ؟

گەر دەتوانن تیمێك پێك بهێنن بۆ بە دواداچونی ڕاستیەکان , بۆ زانیاری زیاتر بە بەڵگەو دۆکۆمێنت تکایە پەیوەندیم پێوە بکەن .

لەگەڵ جوانتریم سڵاو .

ئیتر خۆشیتان ......

بەسەربەرزی هەموو لایەك

دڵسۆزستان

ئاسۆ ئەسعەد محەمەد

**2005–5–11**

**A.A . Mohammad**
**Gunterstein Weg.23**
**2531 JP  Den Haag**
**tel: 070-3936451**
**mob:0620775418**
**Nederland**

وێنە كۆپی بۆ : بەڕێز پرۆفیسۆر ئۆردوخانی جەلیل

تێبینی:

بۆ زانینی ئەم نامەیە گەیشتۆتە دەست بە ڕێزان کاك کۆسرەت ڕەسوڵ , کاك فەلەکەدین کاکەیی , وەزیری مافی مرۆڤ کاك محمد احسان .